# سەرپەرشتیارانی دادگایکردنی دیکتاتۆری عێراق، بەهەمان شێوەی تاوانبار مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانی خەڵکی عێراقو کوردستان زەوت دەکەن !

ئەمڕۆ دیکتاتۆری گۆڕ بەگۆڕی پێشووی عێراقو 7 کەسی دیکە لە دەستو پێوەندەکانی، بە تاوانی کوشتنی 143کەس لە دانیشتوانی دوجەیل لە ساڵی 1982 دا ڕوبەڕووی دادگا کرانەوە... بە جیا لەوەی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بۆ دادگایکردنی صدامو سەرانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی پێشوو مانا و ئاماژەی سیاسی تایبەتی هەیە. وە بەجیا لە شێوەی بەڕیوەبردنی دادگایکردنەکە لە باری ئیداریو فەنیو یاساییەوە... تەواوی ئەو تاوانانەی دیکتاتۆری پێشوو وە سەرانی ڕژێمی پێشوو لەوەدا خۆلاسە کراوەیەوە، کە دیگتاتۆری پێشوو کوشتاری دوجەیلو ئەنفالو کیمیایی بارانی هەلەبجەی کردوەو پەلاماری هۆرەکانی داوەو ئەنفالی 8000 بارزانی کردوە... دیارە هەموو ئەمانە تاوانی گەورەنو دژ بە کۆمەڵگای بەشەرینو پێویستە صدامو سەرانی رژێمەکەیو هەموو ئەو حکومەتو لایەنانەش لە ئەمەریکا و ئەوروپا و ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لەکاتی خۆیدا تەئیدی سیاسەتەکانیان کردەوەو بێدەنگ بون لە بەرانبەریدا یان چەکی کیمیاییان پێداوەو لەسەر ئەم تاوانانە سزای خۆیان وەربگرنو ڕیسوا بکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە دادگا بە هیچ شێوەیەك نەچوە سەر هۆی ئەوەی صدام حسینو رژێمەکەی بۆچی بەم تاوانانە هەستاوە بۆچی ئەنفالو کوشتاری دوجەیلی کرد؟! وە بنەمای فکریو سیاسی پیادەکردنی ئەم تاوانانە چییە وە چی بوە؟! ئایا صدامو سەرانی رژێمەکەی شێت بوون یان تەنها بەوەی کە پێیان بوترێت دیکتاتۆر کافییە بۆ ئەوەی کە هۆی هەموو ئەو تاوانانە ڕۆشن بێتەوە؟! سەرپەرشتیارانی دادگا بە ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی شیعیو ناسیونالیزمی کوردەوە لە قازانجیاندا نیە ئەمجۆرە پرسیارانە بکەن.

بەڵام ئایا گشت تاوانەکانی صدام حسینو رژێمەکەی هەر ئەو تاوانانەن؟ بێگومان نا. صدامو سەرانی رژێمەکەی پێش ساڵی 1982 وە پێش کوشتنی صەدر وە لە ڕۆژی هاتنە سەر حوکمیانەوە ئەم دەسەڵاتەی بەعسو سەرانی رژێمەکەی تاوانبارن. رژێمی پێشووی بەعسو صدام حسین، پێش ئەوەی تاوانی جینۆساید بکات دژ بە خەڵکی کوردستانو پێش ئەوەی لە دوجەیل دەیان کەس بکوژێت، سەدانو بگرە هەزارەها کەسی ئیعدام کردبوو لەسەر ئەوەی مخالفی سیاسی خۆی بون لە کوردو عەرەب. ئەم رژێمە پێش ئەوەی ئەو تاوانانە بکات تاوانی گەورەی ئەوەبوو کە ئازادی سیاسی لە بناغەوە قەدەغە کردبوو، کە کەس مافی ئەوە نەبوو ڕەئی خۆی دەربڕێتو ڕەخنەبگرێت بەرانبەر بە سیاسەتو هەلسو کەوتی حوکمرانیەکەی. تاوانی ئەوەبوو کە خۆپیشاندانو مانگرتنو کۆبونەوەی خەڵکی قەدەغە کردبوو، کە مافی پێکهێنانی حزبی سیاسیو ڕیکخراوی جەماوەریو پیشەیی قەدەغەکردبوو. تاوانی ئەوەبوو کە مافەکانی لاوان لەکچانو کوڕانی سەرکوتو زەوتکردبوو، کە ئاینی تێکەل بە دەوڵەتو کاروباری دەوڵەت کردبوو، کە ئاینی تێکەل بە خوێندن کردبوو کە حیجابی فەرزکردبوو لە کاتی وانەی ئاینیدا. تاوانی ئەوەبوو کە مافەکانی مندالانی سەرکوت کردبوو. تاوانی ئەوەبوو مافە مەدەنیو فەردییەکانی ژنانی بەتەواوی سەرکوت کردبوو وە ژنانی لە ڕێکای یاسای ئەحوالی شەخسییەوە کە بەتەواوی لە ژێر کاریگەری شەریعەتی ئیسلامیدا نوسرابوو کردەبوە زائیدەی پیاوانو توندیکردبون لە گونجی چێشتخانەی ماڵو کاریانی کردبوو بەخێوکردنی مندالەوە. وە پێش ئەوەی ئەنفال بکات لە بناغەوەو تاوانەکەی ئەوەبوو کە لە دەستورەکەی خۆیدا مافی دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان قەدەغە کردبوون وە هە ربۆیە توانی تەعریبو تەرحیلو ئەنفالو کیمیایی بارانی خەڵکی کوردستان بکات. بەلام صەدام حسینو رژێمو حزبەکەی، شێت نەبون، بەڵکو نوێنەری بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بون، وە لە پراتیکدا سیاسەتی شوفێنزمی عەرەبی پیادە کرد، بەحوکمی ئەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بوو دژ بە تەواوی مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵك بوو.... کاتێك کە دادگا نایەتە سەر ئەم خواستو ویستە بناغەییانەی خەکی عێراق وکوردستان، ڕۆشنە کە ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن، ئەوانیش ئەو مافانە بۆخەڵکی عێراق وکوردستان ناسەلمێننو بە ڕەسمی نایناسن. ئێستا کە ڕژێمی صدام گۆڕ بەگۆڕ بوەو بوە بەبەشێك لە مێژوو، کۆسپی خەڵکی عێراقو کوردستان دیسان زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیەکانیەتی.

ئەگەر واقعەن لایەنو هێزیك لە کوردستان دژ بە فکرو سیاسەتی بەعسو کارەکانیەتی ناتوانێت لە جیابونەوەی کوردستان کەمتر داوابکات لەهەلومەرجی ئێستادا، هەلومەرجێك کە ئیسلامی سیاسی بە توندی دژ بە مافی بڕیاری سیاسی خەڵکی کوردستانە، گەر سەرکوتگەر تر نەبیت لە بەعس ئەوە کەمتر لەو نیە. وە ئەگەر واقعەن لایەنو هێزیك هەیە لەکوردستان کە دژ بە فکرو سیاسەتی بەعسەو دەیەوێت صدامو داروەستەکەی داداگاییەکی عادلانە بکرێن ئەوە ئازادی سیاسیو ئازادی مانگرتنو ڕەخنەو پێکهێنانی ئەحزابی سیاسیو.... وەك بەندێکی یاسای بەڕەسمی ڕادەگەیەنێت.

صدام حسینو سەرانی رژێمەکەی پێویستە وەك نوێنەرانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب دادگایی بکرێنو، تەواوی تاوانەکانی دیکەش لە سەرکوتی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی عێراقو کوردستان پێویستە بخرێنە پاڵ تاوانی دوجەیلو ئەنفالو کیمیایی بارانی هەلەبجە، ئەگەر نا تەنها دادگایی دەموچاوی ئەو تاوانبارانە دەبێت کە 30 ساڵ لەسەر حوکم بونو دەسەلاتدارانی

ئێستاش له دوبارەبونەوەی تاوانەکانی رژێمی پێشوو له سەرکوتی ئازادی سیاسیو مافه فەردیو مەدەنیەکانو زەوتکردنی مافی خەڵکی کوردستان له بڕیاردان بۆ جیابونەوەی کورستانو پێکهێنانی دەوڵەتیکدا یەك زەڕە سڵناکەنەوە، هەروەك تا ئێستا له دەستورەکەیاندا یەك مافیان لەو مافانه بۆ خەڵکی عێراقو کوردستان نەسەلماندوە.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/10/19